# چالاکییەکانی کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان




بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق (نوێنەرایەتی سوید) وە کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ رێخراوی ڕزگاری ژن لە ئێران وکۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران– حکمەتیست زنجیرەیەك کارو چالاکیان ئەنجامدا:

– ئیوارەی ڕۆژی 5ی مارس لە شاری ستۆکهۆڵم, سازدانی ئاهەنگی ڕێزگرتن لە 8ی مارس کە تیایدا گروپێکی موزیکیبە گۆرانی سویدی و ئیسپانیبەشداری ئاهەنگەکەی کرد هەروەها گروپێکی تر بە گۆرانی فارسی بەشداری کرد. پاشان درێژەی ئاهەنگەکە بەچەندین گورانی شادی عەرەبی و کوردی و فارسی ڕازێنرایەوە و ئاهەنگەکە تا سەعات 12ی شەو دریژەی کێشا.

– ڕۆژی 8ی مارس لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم, بەشداری کردن لە میتنگی رێکخراوە کانی ژنانی سویدی کە لە سەعات 12 تا 4ی دوانیوەرشۆ درێژەی کیشا. هەلاڵە رافع و ڕێگا ڕەئووف (بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی دفاع لە مافەکانی ژنانی عێراق و رێکخراوی ئازادی ژن) لە قسەکەرانی ئەو میتینگە بوون. وە سەرجەم ئەم ڕێکخراوانە کە ژمارەیان دە ڕێکخراوی ژنانە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە بۆنەی 8ی مارسەوە پشتیوانی خۆیان لە ژنان بەگشتی وە بەتایبەتی لە خەباتی ژنانی عێراق بۆ ئازادی و عیلمانیەت ڕاگەیاند.

_ هەر هەمان ڕۆژ سەعات 5ی ئێوارە لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم میتنگی هاوبەش بەرێوە چوو کە بە چەندین لافیتەو دروشمی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق و رێکخراوی ڕزگاری ژن لە ئێران و هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حیکمەتیست ڕازێنرابۆوە. ئارەزوو محەمەدی کادری حزبی حکمەتیست و هەڵسوراوی رێکخراوی ڕزگاری ژن لە ئێران کە بەڕێوەبەری میتینگەکە بوو بە درووشم و قسەوباسەکانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبوارانی بۆلای میتینگەکە ڕاکێشا, وە هەلاڵە ڕافع ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب و نوێنەری ڕیکخراوی ئازادی ژن لە سوید و ڕەسول بناوەند لێپرسراوی کومیتەی ستۆکهوڵمی حیکمەتیست و سەوسەن هیجرەت نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاری ژن لە ئێران لە قسەکەرانی ئەم میتینگە بوون. سەرجەمی قسەوباسی میتینگەکە بە زمانی سویدی بوو.

_ 8ی مارس لە ناوەندی شاری یۆتۆبۆری سەعات 4ی پاش نیوەڕۆ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە یەکسانی خوازان و ئازادی خوازانی عێراقی و ئێرانی و سویدی میتینگێکی گەورە بەڕێوەچوو, ڤیان کەریم بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق و سەلام زەیجی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی کرمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران_حیکمەتیست و لەیلا قانعی لێپرسراوی یۆتۆبۆری ڕپکخراوی هەرگیز پێلا و فادیمە لەبیر ناکەین وە گەلاوێژ موصتەفاپور لەلایەن رێکخراوی ڕزگاری ژنانی ئێران هەروەها ئیرنی فریهۆڵت ئەندامی ڕێکخراوی ژنانی چەپی سویدی لە قسەکەرانی ئەم کۆبونەوە جەماوەریە بوون. هەروەها لە درێژەی چالاکییەکاندا بەشداری کردن بوو لە خۆپیشاندانێکی گەورەی حزبی چەپی سویدی, کە ڤیان کەریم یەکێك لە قسەکەرانی سەرەکی ئەم خۆپیشاندانە بوو.

شایەنی باسە لەم چالاکییانەدا سەدان نوسخە لە بڵاوکراوەکانی حزب و رێکخراوی ئازادی ژن بڵاوکرانەوە, سەرەڕای بڵاوکردنەوەی پۆستەری (کۆنفرانسی جیهانی ژنان لە ستۆکهۆڵم) کە نوێنەرایەتی سویدی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق ڕۆژانی 18و 19ی مارس بەرپای دەکات. وە لە درووشمە سەرەکیەکانی ئەم چالاکیانە بریتیبوو لە: پیرۆزبێت 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان, نا بۆ داگیرکاری ئەمریکاو نا بۆ حکومەتی قەومی و ئیسلامی لە عێراق, نا بۆ دەستوری ئیسلامی لە عێراق و بەڵێ بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو...

**کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005 \ 3 \ 10

